

# ئەرێ سەددام حسێن و سەلاح شوان بە چی پێدەکەنن؟

حەمەسەعید حەسەن

٢٠٠٢/٤/١٨

کە من لە شاخەوە گیانی بەرەنگاربوونەوەم بە نێو گەلەکەمدا بڵاو دەکردەوە، سەلاح شوان خەریکی ئەنفالکردنی ئەدەب و کولتووری کوردی بوو، بە پۆشاکی سوپای میللییەوە زوڕنای بۆ مەربەدە شیعرییەکان، کە بۆ پێداهەڵگوتنی دیکتاتۆر ساز دەکران، لێ دەدا، ستایشی قادسییەی سەددامی دەکرد و ڕاپۆرتی دژی نووسەرانی خۆڕاگر دەنووسی، کەچی هێشتا ئەو گومان لە ڕابردووی من دەکا!

کە ئەو بە قاتی نایاب و کراسی گرانبەها و بۆینباخی ئاوریشمەوە لەسەر هەمان مێز لەگەڵ سەرۆکی فەرماندەدا دەم بە خەندە دادەنیشت، من لە شاخ وەک هەزاران پێشمەرگەی دیکە، ئەسپێ تێی دابووم، کەچی ئەو لافی شۆڕشگێڕێتی بەسەر مندا لێ دەدا!

بەو هیوایەی بە دیتنی ئەم وێنەیە کە لە ژمارە ٨٦ی گۆڤاری (بەیان)ی ئایاری ١٩٨٣دا بڵاو کراوەتەوە و باس لە سەردانێکی سەددام حسێن بۆ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەکا، خوێنەر لە نزیکەوە سەلاح شوان و ئەوانەی داکۆکی لەو دەکەن و جنێو بە من دەدەن، بناسێ.

سەلاح شوان، لەناکاو لەبەر ڕۆشنایی درۆی گەورەی گزگلێکدا، بەوپەڕی لە خۆباییبوونەوە کەوتە جنێوبارانکردنی خۆم و دایک و برا و باوکم و تەنانەت رووقایشییەکەی گەییشتە ئاستێک، تیری تەشەر ئاڕاستەی کتێبی ژیانی ڕابردووی من، کە یەک لاپەڕەی تێدا نییە لێی پەشیمان بم، بکات و بمداتە بەر ڕێژنەی هەڕەشە، گوایە ئەگەر بێدەنگ نەبم، دەستم دەخاتە ڕوو!

وا من بەڵگەنامەیەک سەبارەت بە ڕابردووی پرشنگداری وی بڵاو دەکەمەوە، با ئەویش دەربارەی ڕابردووی تاریکی من، چی پێیە درێغی نەکا. دەزانم عەرەبییەکەی وەک هی ئەوی کڵاوی لەسەر نا، دووکەڵ ناکا، والبادئ أظلم. درێژەی دەبێ.